

باران
هیوا قادر



ڕێگاکەی من
هەمیشە ناچێتەوە سەر دەریا،
کە ئەشزانم بەلەمەکەم
لەناو لمی کەنارەکەدا چەقاندووە.
هەندێ جاران..
ئەگەمە سەحرا،
سەوڵەکەم وەک دوو بزمار
خۆم و بەلەمەکەم
بە دیوارێکی زەردی
ژێر خۆردا هەڵ ئەواسێت.

هەندێ جاران..
ئەگەمە سەر لوتکەی بورکانێک
وەک پوشێک
هاڵاوی ئاگر لەگەڵ خۆی ئەمبات و
لە دوورەوە تراویلکەی ڕێگایەک بەبێ گڕ لە چاوما ئەسووتێت.
بەعزێ جاران..
دەست ئەگرم بە کەمەی شاخێکەوە
ئەوکاتەی بەهەموو قورسایی و گەورەیی خۆیەوە
سەرەو نوخن،
ئەکەوێتە ناو قووڵایی ئاسمانەوە و
شڵپەیەک ڕەنگی شین و ڕەش
بەر پەنجەرەی ئاسمانەکەی سەرم ئەکەوێت و
شەو و ڕۆژ بە نۆبە بەسەریا ئەتکێن.



جاربەجارێ...
لە سەوزایی مێرگێکدا گیرئەخۆم
بەسەر ڕەنگی پیرۆزەیی ڕووبارێکدا ئەپەڕمەوە
کە پێشتر جۆگەلەیەکی سپی
بەر دەرگایەکی سووری تاقەماڵێک بووە،
لەسەر گردێکی قەموور.
ڕێگاکەم هەرگیز
ناچێتەوە سەر ئەو جێیەی
بە دڵ بۆی ئەچم و
بەخەیاڵ بۆی ناچم،
ئەم بەر و ئەوبەری تاقە ڕێگاکەم،
لەبری درەخت ئاوێنەی تیادا چەقێنراوە،
من ڕۆژانە بە ڕووتی سەیری خۆم ئەکەم و
بەخەیاڵ پڕ ئەبم لە ڕێگای تر،
ڕێگاکەم هەر ڕۆژە و
لە لایەکەوە من ئەبینێت و
منی لێ ئەبێت بە کەسانێکی تر،
ڕێگاکەم هەر کەسێک لەوانە ئەبات بۆ شوێنێک
بەڵام بە هەمان
خوێن و ئێسک و پروسکەوە،
بەڕەنگی پێست و جلوبەرگی جیاوازەوە
بەڵام بە هەمان دەنگی پیلاو و
هەمان تەنهایی منەوە.

ڕێگاکەی من
هەمیشە ناچێتەوە سەر دەریا...



**هیوا قادر**

-لەساڵی 1964 لە گەڕەکی چوارباخ لە سلیمانی

لەدایکبووە.

-نێوان ساڵانی 1992 تا 2011 لە سوید ژیاوە.

- بەڕێوبەری نووسینی گۆڤاری ڕەهەندو

سەرنوسەری گۆڤاری ئەدەبی سەردەم بووە.

-خاوەنی 30 کتێبە لە کایەکانی شیعر، ڕۆمان،

سەفەرنامە، ئەدەبی نامە، ئەدەبی منداڵان.-

-لە سویدییەوە بابەتی وەرگێڕاوە بۆ کوردی.